# کیماش و مادگا دوو لە شارە دێرینەکانی گەرمیان

**م.ی. ڕێبوار سەرتیپ زەندی**
ماستەر لە مێژووی کۆن، مامۆستا لە وەزارەتی پەروەردە
RebwarSartip3@gmail.com

ڕێککەوتی وەرگرتنی توێژینەوە: ٢٠٢٤/١٢/٢٧ ڕێککەوتی ڕەزامەندی بڵاوکردنەوەی: ٢٠٢٥/٢/١

**پوختە**

ئەوەی تا ئێستا لە بارەی ئەم دوو شارەوە زانراوە لە ڕێگەی بەڵگەنامە و تێکستەکانەوەیە، ئەم دوو شارە لە کۆتای هەزارەی سێیەم و سەرەتای هەزارەی دووەمی پێش زایین دا ڕۆڵێکی بەرچاویان لە ڕووی سیاسی و ئابوورییەوە لە ناوچەکەدا هەبووە، کیماش و مادگا دوو شاری گرنگی مێژوویی ناوچەی زاگرۆس بوون. ئەم شارانە لە پێگەیەکی ستراتیژیدا هەڵکەوتبوون، هەرچەندە تا ئێستا نەتوانراوە بە شێوەیەکی ورد و دروست پێگەی جوگرافیای ئەم شارانە دیاری بکرێت، بەڵام زۆربەی بۆچوونەکان لەگەڵ ئەوەدان کە دەکەونە ناوچەی گەرمیان و لە نێوان کەرکوک بۆ کفریدا هەڵکەوتوون و بەشێک بوون لە شارستانییەتی ناوچەکە. شاری کیماش کە یەکێک بووە لە گرنگترین شارە دێرینەکانی ناوچەکە، بەشیکی بۆچوونەکان باوەڕیان وایە کە دوو کیماش هەبووە یەکێکیان لە عیلام ئەوی دیکەیان لە کوردستانی دێرین، لە سەردەمی ئەکەدی و ئوری سێیەم و بابلی کۆندا لە نێو تێکستەکاندا ناوی هاتووە، بە پێی سەرچاوە مێژووییەکان بازرگانی و پیشەسازی تێدا گەشەی کردبوو لە گەڵ ئەوەشدا جێی سەرنجی سیاسی و سەربازی بووە، ناوچەیەکی گرنگ بووە بۆ بەرهەمهێنانی کانزاکان و بەروبوومی کشتوکاڵی بە تایبەتی دانەوێڵە.

شاری دێرینی مادگا پێگەیەکی ستراتیژی گرنگی هەبووە لە ناوچەکەدا هەرچەندە تا ئێستا پێگەکەی بە تەواوی دیاریی نەکراوە، بەڵام بۆچوونەکان لەگەڵ ئەوەدان لە گەرمیاندا بووە، ئەم شارە پەیوەندی بازرگانی و سیاسی لەگەڵ دەوروبەریدا هەبووە، لە سەردەمی گوتی و ئەکەدی و بنەماڵەی ئوری سییەمدا ناوچەیەکی جێ ململانێی سیاسی و سەربازی و ئابووری بووە. هەردوو شار ڕۆڵێکی گرنگیان هەبووە لە مێژووی دێرینی ناوچەکەدا و بەڵگەن لەسەر شارستانییەتی دێرینی گەلانی ناوچەکە. زانیارییەکانی ئێمە دەربارەی ئەم شارانە تا ڕادەیەک سنووردارە و زۆربەی زانیارییەکان لە دەقە مێژووییە کۆنەکانەوە وەرگیراون کە لە کنە و پشکنینە شوێنەوارییەکانەوە دۆزراونەتەوە.

**کلیلە وشە:**
کیماش، مادگا، کفری، ئوری سێیەم، عیلام

**Summary**

What is known about these two cities so far is through documents and texts. These two cities, at the end of the third millennium and the beginning of the second millennium BC, played a pivotal political and economic role in the region. Kimash and Madga were two historically important cities in the Zagros region. These cities were situated in strategic locations, although until now, their exact geographical locations could not be precisely determined. However, most opinions suggest that they were located in the Garmian area between Kirkuk and Kafri and were part of the region's civilization. The city of Kimash, which was one of the most important ancient cities in the region, according to some opinions, is believed to have had two locations; Kimash one in Elam and the other in ancient Kurdistan. During the Akkadian, Ur III, and Old Babylonian periods, it is mentioned in texts that, according to historical sources trade and industry were flourishing there, along with being a center of political and military attention. It was an important region for mineral production and agricultural outputs, especially grains.

The ancient city of Madga had an important strategic position in the region, although its exact location has not yet been fully determined. However, opinions suggest that it was in Garmian. This city had trade and political relations with its surroundings. During the Gutian, Akkadian, and Ur III Dynasty periods, it was an area of political, military, and economic competition. Both cities played crucial roles in the ancient history of the region and are evidence of the region's ancient civilization. Our knowledge about these cities is somewhat limited, and our information has been derived from ancient historical texts and artifacts discovered in archaeological sites.

**پێشەکی**

ناوچەکانی نێوان میسۆپۆتامیا و زاگرۆس ناوەندێکی گرنگی کارکردنی سیاسی و بازرگانی بوون، هەمیشە جێگەی چاوتێبڕین و ســەرنج بوون بۆ ئەوەی بتوانرێت ئەو ناوچانە کۆنترۆڵ بکرێن، ئەم ناوچەیە وەك ئەڵقەی بەیەکەوە بەستنی ناوچەکانی مێسۆپۆتامیا و ناوچەکانی زاگرۆس و بانی ئێرانی ئەمڕۆ بووە، لە ماوەی نێوان هەزارەی سێیەم بۆ هەزارەی دووەمی پێش زایین، ســنوری جوگرافیی ئەم ناوچەیە مێژوویەکی دێرینی دەوڵەمەندی بە خۆوە بینیوە، مێژووی دێرینی ئەم ناوچەیە بەشــێکی گرنگ و بایەخدارە لە مێژووی دێرینی مێســۆپۆتامیا و زاگرۆس، گرنگیی ئەم ناوچەیە بۆ کۆمەڵێك هۆکاری ســروشــتی و مرۆیی و بەتایبەتیش هەڵکەوتەی جوگرافی و پێگەی گرنگی ناوچەکە و دەرامەتی سروشتی و سەرچاوەی ئاوی و ڕێگا و دەروازە بازرگانییەکانی دەگەڕێتەوە.

لەبەر گرنگیی پێگەی جوگرافی ئەم بابەتەمان بە شایستە دانا بۆ ئەنجامدانی توێژینەوەیەکی زانستی، لەسەر دوو لە شــار یان شــانشــینەکانی ئەم ناوچەیە کەمیی زانیاری و روننەبوونەوەی تێکســتەکان و شــکانییان گرفت بۆ وەها توێژینەوەیەک دروست دەکەن، لێرەدا زۆرترین بۆچوون هێنراوەتەوە و لەبەر ڕۆشنایی دەقەکاندا شیکردنەوەیان بۆ کراوە، هەروەها بە میتۆدێکی مێژوویی/شــیکاری شــیکردنەوە بۆ بابەتەکە ســەرجەم ســەرنجەکان کۆکراوەتەوە. تەوەرەکانی ئەم توێژینەوەیە پێک دێن لە دوو تەوەری سەرەکی ئەوانیش: یەکەم: کیماش لە نێوان کات و شوێندا بۆ چەند خاڵێک دابەشکراوە، یەکەم: کیماش لە سەردەمی ئەکەدییەکاندا، دووەم: کیماش لە سەردەمی بنەماڵەی سێیەمی



*JZSB* p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

ئوردا، سێیەم: کیماش لە سەردەمی بابلی کۆندا، چوارەم: شوێنی جوگرافیای کیماش، تەوەری دووەم : مادگا لە نێوان کات و شـوێندا، ئەم تەوەرە بۆ چەند خاڵێک دابەشـکراوە، یەکەم: ناوی مادگا، دووەم: مادگا لە سـەردەمی گوتییەکاندا، سێیەم: مادگا لە سـەردەمی بنەماڵەی سـێیەمی ئور، چوارەم: شـوێنی جوگرافیای مادگا، لە کۆتایشـدا ئەنجام خراوەتە ڕوو، بۆ ئەم توێژینەوەیە هەوڵدراوە سود لە باشترین توێژینەوە و نوسراوە زانستییەکان بە زمانە جیاوەزەکانیشەوە وەربگیرێت.

**تەوەری یەکەم: کیماش لە نێوان کات و شوێندا**

کیماش و پێگەکەی کەوتۆتە ژێر کۆمەڵێک گریمانە و ئەگەرەوە، لەلایەن بەشـێکی زۆری شـوێنەوارناسـان و مێژوو نووس و توێژەرانەوە هەوڵی لێکدانەوە و شــیکردنەوەی جیاوازی بۆ کراوە، هەموو ئەو بۆچوون و ئەگەرانەش لەبەر ڕۆشنای تێکستە مێخی و بەڵگەکانی هەزارەی سێیەم و دووەمی پ.ز.دا بووە.

**١-١ کیماش لە سەردەمی ئەکەدییەکاندا**

بەشێوەکی گشتی ئەوەی تا ئێستا لەبەردەستدایە ناوهێنانی کیماش دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی ئەکەدی، بە تایبەت لە لیستە جوگرافیاییەکانی ئەوکات وەک پێگەیەکی جوگرافیای ناوی لە پاڵ ناوەکانی دیکەدا هاتووە. لە تێکستەکاندا هاتووە کە شــوێنی گوتی یەکان بە پێی جوگرافیای ســارگۆن دەبێت گوتیوم لە نێوان ’ئابول-ئەدەد Abul-Adad‘[١] بۆ ’خاللابا Ḫallaba‘ بووبێت، هەروەها پێدەچێت ئابولات و ئابول-ئەدەد یەك ناوچە بووبێت کە لە ناوچەی ’کیماش Kimašʻە (Grayson, 1977: 59 ؛ Weidner, 1953: 12 ؛ Hallo, 1971: 719). لە تێکســتێکی ’گودیا Gudia‘ دا هاتوو کە لە ئەبولات لە زنجیرە بەرزاییەکانی کیماش مســی دەرهێناوە بۆ بنیاتنانی پەرســتگاکەی (Edzard, 1997: 34). هەروەها ئەم ناوچەیە ناوی لە تێکســتێکی ’کوتیك- ئینشــوشــیناك Kutik-Inšušinak‘ لە شــوشــدا هاتووە. کە تێکستەکە دەگەڕێتەوە سەردەمی ئەکەدی و ناوی کیماش لەپاڵ ناوی ’خورتی Ḫurti‘[٢] هاتووە (Walker, 1985: 36). تێکستەکە دەڵێت "بۆ خواوەند ئینشۆشیناك فەرمانڕەوا پوزور-ئینشوشیناك فەرمانڕەوای شوش و دەسەڵاتداری عیلام کاتێك شــاری کیماش و وڵاتی خورتی یاخیبوون لە دژم بە ســوپاوە چوم بۆ داگیرکردنیان...." (Walker, 1985: 36). پێدەچێت ئەوەش بۆ لاوازی ئەکەدییەکان بگەڕێتەوە، لە ناوچەکانی ســەرەوەی دیالە، لەبەرئەوە کیماش و خورتی یاخی بوون، پێدەچێت ’شــار-کالی-شــاری Šar-kali-šarri‘ داوای لە هاوتا عیلامییەکەی پوزور-ئینشــوشــیناك کردبێ

---

١ ئولبرایت لەوباوەڕەدایە کە دورنییە ئابول-ئەدەد بکەوێتە ناوچەکانی سەرەوەی بەغداد، بە تایبەت لە ناوچە بەرزایی و گردۆڵکەکانی باکوری بەدرەوە و باشوری ڕۆژهەڵاتی مەندەلی. بڕوانە:

Albright, W. F., "A Geographical Treatise on Sargon of Akkad's Empire", *JAOS*, Vol. 45, (1925), p. 219.

٢ پێدەچێت لە نێوان سیمورروم و ئەڕڕاپخادا بووبێت، هەروەها خومورتی لە زۆربەی تێکستەکاندا لەگەڵ کیماش ناوی هاتووە، ئەمەش بەو واتایەیە کە هەردووکیان لە یەك ناوچەدا بوون، پێدەچێت لە ناوچەی دوزخورماتوی ئەمڕۆدا بێت، لە سەر چەمی ئاوەسپی، لە هەمانکاتدا پێدەچێت ناوەکەشی درێژە پێدەری هەمان ناوی کۆن بێت و خومورتی بووبێ بە خورماتوو. بڕوانە: Ahmed, *The Beginnings*, P. 199-200.؛ حەمید، ڕێبوار سەرتیپ: *مێژووی دێرینی گەرمیان لە هەزارەی سێیەم تاوەکو ناوەڕاستی هەزارەی یەکەمی پ.ز*، نامەی ماستەر، زانکۆی سلێمانی، ٢٠٢٢، ل. ٦٧.

هێرشـــیان بكاتە ســـەر و ملكەچیان بكات (Ahmed, 2012: 88 ؛ احمد، الهاشـــمی، د.ت.ط: ٥٥). كە ئەمەش یەكەم ناوهێنانی ئەم دوو ناوچەیە یە پێكەوە (Walker, 1985: 36).

لە دوای داگیركردنی خارشیḪarši و كیماش و خومورتوم Ḫumurtum، شاكانو/شاگینا فەرمانڕەوایەكی سەربازی دەنێرێتە ســـەر دێر بۆ بەرپەرچدانەوەی شـــاڵاوی چیانشـــینانی خۆرهەڵات، كە ئەو ناوچانە بە گرنگترین قەڵاكانی نـاوچەكە دادەنران (كـامیرۆن، ٢٠٢١: ٥٢). دەبێـت لەوە دڵنیـابین كە داگیركردنی كیمـاش و خورتی لە لایەن پوزور-ئینشـــوشـــیناكەوە وایكردووە كە بتوانێ بچێتە ناوچەكانی هەرێمی دیالە و دواتر بچێتە ناوچەكانی باكوری بابل و توانیویەتی هەموو ناوچەكانی ’ئاواڵ و كیســـیمار و مەشـــكان-شـــڕڕوم'[3] و زیمودار و توتب و ئێشـــنونا' داگیر بكات[4] (Steinkeller, 2013: 295). ناوهێنانی ئەم ناوچانە پێكەوە دەرخەری ئەوەیە كە ئەم ناوچەیە گرنگییەكی ستراتیجی ناوازەیان هەبووە، ئەم شـوێنانە بەشـێكی گرنگی بازرگانی ناوچەكانی خوارەوەی هەرێمی دیالە و ناوچەكانی باكوری زنجیرە بەرزاییەكانی حەمرین و مەكحولیان كۆنترۆڵدەكرد (زەندی، ٢٠٢٤: ٥).

لە تێكستەكەی پوزور-ئینشو شیناك دا هاتووە '' پوزور-ئینشو شیناك حاكمی [Ensi] سوسە لە خاكی عیلام، كوڕی ’سیمپی-ئیشوك Simpi-išuk‘ دوژمنەكانی لە كیماش و خورتی گرت و ’خوپشانا Ḫupšana‘ی لە ناوبرد، لە یەك ڕۆژدا ٨١ نشینگە و ئاوەدانی لە ژێر پێیەكانیدا چەقاند'' (Potts, 2008: 123). ستینكلەر باوەڕی وایە و دەڵێت دەرئەنجامی داگیركردنی كیماش خورتی ملكەچبوونی سیما شكی بوو، لەبەر ئەوە باوەڕی وایە دەبێت كیماش و سیما شكی نزیكی یەكتر بن، لەو ڕوانگەیەوە لەوباوەڕەدایە كە كیماش و خومورتی دەكەونە بەشـــی ڕۆژئاوای پارێزگای كرماشـــانەوە (Steinkeller, 1988: 201). هەروەها یەكێكی دیكە لە بەڵگەكانی داگیركردنی ناوچەكانی دیالە و دەووروووبەری لە لایەن پوزور-ئینشـــوشـــیناك ئەوەیە لە یەكێك لە تێكســـتەكاندا بەتایبەت باســـی خواوەند ’بیلات-دیرابان Bēlat-Deraban‘[5] دەكـات (Steinkeller, 2013: 296). هەموو ئەمـانە بەڵگەی ئەوەن كە پێـدەچێـت كیمـاش لە نـاوچەی گەرمیاندا بوویێت، لەبەرئەوەی سـەرجەمی بەڵگە ئابووری و سـیاسـی و ئاینییەكان لە چوارچێوەی سـنوری گەرمیاندا دەخولێنەوە.

٣ مەشكان-شرڕوم Maškan-Šarrum‘ پێدەچێت كەوتبێتە ناوچەكانی باكوری ئێشنوناوە لەو جێگەیەی كە ڕوباری دیجلە دەرژێتە پێدەشتەكانەوە. دەڕواندرێتە: Owen. I. D., Ur III Geographical and Prosopographical Notes, in: *Crossing Boundaries and Linking Horizons; Studies in Honour of M. Astour*, ed. G. O. Young, M. W. Chavalas and R. E. Averbeck, Maryland, 1997, p. 380.

٤ باوەڕ وایە كە ئاواڵ لە پاڵ یاخود لە نزیك كیسمار بێت، لە سەردەمی ئەكەدیدا لە لیستێكی جوگرافیایدا ناوی لە پاڵ ناوەكانی مەشكان-شرڕوم و كیسمار و ئاواڵ و تاشیل هاتووە، هەموو ئەم ناوچانە دەكەونە بەری ڕۆژهەڵاتی ڕووباری دیجلەوە، لە سەرەوەی ئێشنونا، بڕوانە Whiting, R., Tiš-Atal of Nineveh and Babati, Uncle of Šu-Sin, *JCS*, vol. 28, n. 3, 1976. P. 181

٥ ئەم خواوەندە لەگەڵ خواوەند بیلات-شوهینر Bēlat-Šuhnir دوو خواوەندی ئەكەدی ناوچەی دیالە و دەوروبەری بوون، لە لایەن هەریەكە لە شولگی-سیمتی هاوسەری شولگی و ئابی سیمتی هاوسەری ئامار-سین و باباتی برای ئابی-سیمتەوە پەرستراون، ئەمەش نیشاندانی هاوسەرگیریی سیاسی نێوان پاشایانی بنەماڵەی سێیەمی ئور و دانیشتوانە ئەكەدییەكانی ئەو ناوچانەدا بووە. دەڕواندرێتە: Wu, Yuhong and Wang Junna., The Identification of Sulgi-Simti, Wife of Sulgi, with Abi-Simti, Mother of Amar-Sin and Su-Sin and of Ur-Sin, the Crown Prince with Amar-Sin, *JAC*, vol. 27, 2012, p. 14.

**٢-١ کیماش لە سەردەمی بنەماڵەی سێیەمی ئوردا**

کیماش لە سەردەمی بنەماڵەی سێیەمی ئوردا ناوچەیەکی گرنگی پێدراوی سیاسی و بازرگانی بووە، لەبەرئەوەش لە سەردەمی زۆرێک لە پاشایانی بنەماڵەی سێیەمی ئوردا ناوی ئەم شارە لە تێکستەکانییاندا جێگەی خۆی کردووەتەوە، بە تایبەتیش لە ڕووی سەربازییەوە چەند جارێک لە سەردەمی شولگیدا ئاماژە بە هێرش بۆ کیماش کراوە.

کیماش پەیوەندیی بە ناوچەکانی دەوروبەرەوە هەبوو بە تایبەت بابل، پەیوەندیەکەش بەهێز بووە، لە یەکێک لە بەڵگەنامەکاندا کە بۆ مانگی ١١ی ساڵی ٣٥ی دەسەڵاتەکەی 'شولگی Šulgi' دەگەڕێتەوە، باس لە ناردنی هێستر دەکات بۆ کیماش، هەروەها لە بەڵگەنامەیەکی دیکەدا کە بۆ ساڵی ٤٠ دەسەڵاتی شولگی دەگەڕێتەوە، باس لە گەیاندنی ٢١٣ مەڕ دەکات لە/ بۆ کیماش دەکات (Patterson, 2018: 209). بەڵگەدارکردنی ئەم پەیوەندییە ئەوە دەگەیەنێت کە پەیوەندی لە نێوان کیماش و ناوچەکانی دەوروبەریدا لە ئەدەبیاتی گشتیدا پەیوەندییەکی بەهێز بوو.

هێرشەکانی شولگی بۆ سەر کیماش و خورتی پێچەوانە بوونەوەی کارەکانی پوزور-ئینشوشیناک بوو، بەو پێیەی بەرزاییەکانی عیلام و لە بەردەمیدا واڵادەبوو، هەروەها ئەنجامی یەکلاکردنەوەی پاکسازی سوسە بوو، کە لە سەردەمی ئورنەممای باوکییەوە دەستی پێ کردبوو (Steinkeller, 2013: 296). شولگی جگە لە سیمورروم و کارخار و دێر چەند جارێکیش هێرشی کردووەتە سەر ناوچەکانی 'کیماش Kimaš' و 'خومورتی Ḫumurti' ئەم ناوچەیە پێدەچێت لە نێوان سیمورروم و ئەڕڕاپخادا بوبێت، هەروەها خومورتی لە زۆربەی تێکستەکاندا لەگەڵ کیماش ناوی هاتووە، ئەمەش بەو واتایە کە هەردووکیان لە یەك ناوچەدا بوون، پێدەچێت لە ناوچەی دوزخورماتوی ئەمڕۆدا بێت، لە سەر چەمی ئاوەسپی، لە هەمانکاتدا پێدەچێت ناوەکەشی درێژە پێدەری هەمان ناوی کۆن بێت و خومورتی بوبێ بە خورماتوو (Ahmed, 2012: 199-200). لە هێرشەکانیشدا پێکەوە ناویان هاتووە. وەك دەڵێت "ئەو ساڵەی کیماش و خومورتیم وێرانکرد" (Frayne, 1997: 109-110 ).

لە تێکستەکەدا کە لە ئەنتیکەخانەی بەرلیندا پارێزراوە بۆ ساڵی ٤٦ دەسەڵاتی شولگی دەگەڕێتەوە هاتووە ''شولگی خواوەندی خاکەکەی و پاشای ئور، پاشای هەرچوار ئاراستەکە کاتێک خاکی کیماش و خورتومی وێرانکرد خەندەقێکی ئاوی هەڵکەند و کۆمەڵێک تەرمی لەسەر یەک کەڵەکە کرد'' (Frayne, 1997: 140-141 ). لە تێکستێکی دیکەدا کە باس هەمان هێرش دەکات شولگی دەڵێت ''شولگی پاشای بەهێز و پاشای ئور، پاشای هەرچوار ئاراستەکە لە یەک ڕۆژدا خاکی کیماش و خورتومی وێرانکرد'' (Patterson, 2018: 191).

شولگی دواین ساڵی دەسەڵاتەکەشی بە ناوی "هێرش بۆ سەر 'خارشی Ḫarši' و کیماش و خومورتی و وێرانکردنی". ناو بردووە (Vacin, 2011: 99). ناوهێنانی کیماش و خورتی پێکەوە لە زۆرینەی تێکستەکاندا، گرنگییەکی زۆری هەیە بۆ تێگەیشتن لە جوگرافیای ناوەڕاستی زاگرۆس، لە ئەنجامی هێرشە سەربازییەکانی ئوری سێیەم لەم ناوچەیەدا ناوی شێنێکی دیکەش دەکەوێتە بەرباس، ئەویش خارشییە لە پاڵ کیماش و خورتی لە ساڵی ٤٨ دەسەڵاتی شولگیدا بووە، لەبەرئەوەش دەبێت لە هەمان ناوچەدا بێت، وێرانکردنی کیماش و خورتی لە ساڵی ٤٨ لە

ماوەی یەک ڕۆژدا (Steinkeller, 2013: 304). لە ساڵی ٤٦ و ٤٨ دەسەڵاتی شولگیدا باس لە داگیرکردن و وێرانکردنی کیماش و خورتی دەکات لە یەک ڕۆژدا (Dong, 2022: 5). ئاماژەکردن بە دۆڕاندن و وێرانکردنی کیماش و خورتی پێکەوە و لە یەک ڕۆژدا پەیوەندی و نزیکایەتی ئەو ناوچانە نیشاندەدات لە ڕووی پێگەی جوگرافیاییەوە (Patterson, 2018: 198).

دووبارە بوونەوەی هێرشەکانی شولگی بۆ کیماش و خومورتی و سێبارە بوونەوەی لە ساڵی ٤٨ دەسەڵاتی شولگیدا بووە، هێرشەکانی بۆ سەر سیموروم و کارخار و کیماش و خومورتی کە ڕەنگە هەموویان لە بەشی خوارەوەی ڕۆژهەڵاتی دیجلەدا بووبن، پێدەچێت بە هۆی هەوڵەکانییانەوە بووبێت بۆ ڕەتکردنەوەی وابەستەییان لە دژی ئور. وەک لە تێکستەکاندا هاتووە کە باس لە ئاهەنگ گێرانی دوو ڕۆژە دەکات لە پەرستگای ئینلیل و نینلیل بەهۆی گرتنی کیماشەوە (Ahmed, 2012: 184). ئاهەنگێڕانی سەرکەوتنی شولگی لە ساڵی ٤٦ دەسەڵاتیدا بۆ مەبەستی سەرکەوتنی بوو بەسەر کیماشدا، کە تێیدا ٢٩ گا کراوەتە قوربانی (Hallo, 2008: 102). پێدەچێت ئاهەنگێڕانی شولگی لە دوای سەرکەوتنی بەسەر کیماش و خورتی دا بگەڕێتەوە بۆ بینینی نوسین و نمایشەکانی پوزور-ئینشوشیناک لە باکوری بابل و ناوچەکانی دیاله دا، لە ئەنجامی داگیرکارییەکانی پوزور-ئینشوشیناک لە سەرەتای دامەزراندنی بنەماڵەی سێیەمی ئوردا (Steinkeller, 2013: 305). شولگی نزیکەی ٢٥ ساڵی دەسەڵاتەکەی بۆ کۆنترۆڵکردنی ناوچەکانی باکوری بابل بەگشتی و ناوچەکانی هەرێمی دیالەی بە تایبەت تەرخانکرد، ئەوەش بە چەندبارەبوونەوەی هێرشەکانی بۆ سەر سیموروم و کارخار و کیماش و خورتی و لولوبوم بوو، پێدەچێت مەبەستی سەرەکی دەست بەسەرداگرتنی ڕێگای بازرگانی خوراسان و کۆنترۆڵکردنی دەروازەکان و لە ناوبردن و ڕواندنەوەی مەترسی ئەو ناوچانە بووبێت.

هەر لە سەردەمی بنەماڵەی سێیەمی ئوردا باسی کەسێک لە تێکستەکانی درێهم دا دەکرێت وەک پیاوی کیماش ناوی هاتووە، کە هاللو بە 'راشیشی Rašiši پیاوی کیماش' ناوی دەبات (Hallo, 1978: 76). بە داخەوە هیچ ناوێکی کەسیمان لە کیماشەوە بەدەست نەگەیشتووە، بەڵام لە نوسراوی مۆرێکدا هاتووە کە ئینسی کیماش ناوی 'خو-نو-نی Ḫu-nu-ni' بووە، رینیتتە باوەڕی وایە کە ئەم ناوە ناوێکی عیلامییە، هەرچەندە ناوێکی دیکە بە ناوی ڕاشیشی هاتووە، بەڵام زمانی ئەم ناوە هێشتا پشتڕاست نەکراوەتەوە، لە هەمانکاتدا ناوێکی دووبارەیە، پێدەچێت ڕاشیشی هەمان فەرمانڕەوای زیدانۆم بێت کە بە شێوەی 'راشی Raši' ناوی هاتووە (Renette, 2023: 312). ڕاشیشی و ڕاشی هەردوو ناوەکە لە بەڵگەنامەکانی هەمان ساڵدا وەک پیاوی کیماش و زیدانۆم باس کراون، هەردوکیان پەیوەندییان بە چیاکانی ئەبولاتەوە هەیە، ڕاشیشی لە ساڵی ٥ دەسەڵاتی 'ئەمار-سین Amar-Sin' دا وەک پیاوی کیماش و راشی لە ساڵی یەکەم و دووەم و چوارەمی دەسەڵاتی ئەمار سیندا لە تۆمارە کارگێرییەکاندا وەک پیاوی زیدانۆم ناوی هاتووە (Renette, 2023: 312). بەڵام لە هەواڵنامەکاندا هەریەک لە ڕاشیشی و تەپان دەراخی سیموروم بە فەرمانڕەوای وڵاتی سوبێر ناویان هاتووە، ئەمەش ئاماژەیە کە سیموروم بەشێکی بچوکی خاکی سوبێری پێکهێناوە (ئەحمەد، ٢٠٠٨:

٢٠٣). لە سـەر هەمان بنەما دەبێت ئەو لێکدانەوەی بۆ کیماشـیش ڕاسـت بێت کە دیسـانەوە کیماش بەشـیکی خاکی سوبێری پێکهێناوە.

لە تێکسـتێکدا هاتووە باس لە پێدانی ''٣ مەڕ دەکات بۆ هاوسـەری 'کیشـێر Kišer' ئەو جەنەراڵەی چووە کیماش'' دەکات، هەرچەندە تێکستەکە کیشێر وەک جەنەراڵی کیماش دیاری نەکردووە. بەروای ئەم تێکستە دیار نییە، بەڵام لە تێکسـتێکی دیکەدا کە بۆ سـاڵی دووەمی دەسـەڵاتی ئەمار-سـین دەگەڕێتەوە، باس لەی گەیاندنی ئاژەڵ دەکات لە پیاوێکەوە بەناوی کیشـێر، پێدەچێت کیشـێر ئەو جەنەڕاڵە بووبێت کە بەرپرسـیاری سـەربازەکانی کردووە (Patterson, 2018: 209).

لە تێکسـتێکدا لە دریێهم دۆزراوەتەوە بۆ سـاڵی پێنجەمی دەسـەڵاتی ئەمار-سـیندا دەگەڕێتەوە، کیماش نێردراوێک دەنێرێت بۆ ئور ماوەیەکی زۆر لە ئور دەمێنێتەوە، تە نانەت وابیردەکرێتەوە کە بارمتە بوو بێت نەوەکوو نێردراو (Potts, 2008: 139). لە تێکسـتێکدا کە لە ئەنتیکەخانەی سـلێمانی پارێزراوە بە ژمارەی SM 036001 بۆ سـاڵی هەشـتەمی فەرمانڕەوایەتی ئەمار-سـین دەگەڕێتەوە، باس لە 'لیبور-ئیدونی Libur-iduni' ناوێک دەکات کە وەک نێردراوی پاشا ناوی هاتووە کاتێک نێردراوە بۆ شاری کیماش، تێکستەکە گرێبەستی کڕینی ئافرەتێکە لەلایەن لیبور-ئیدونییەوە فرۆشـراوە بە 'شـات-ئێشـتار Šat-eštar' ناوێک (نوری، ٢٠٢٢: ١٣٥). کەسـایەتییەکی دیکە بە ناوی 'شـو-ئەددەد Šu-Addad' وەک نێردراوی شاهانەی بنەماڵەی ئوری سێیەم ناوی لە تێکستەکانی ئیرساگریگدا هاتووە، ئەرکی ڕۆیشتن بووە بۆ ناوچە هاوسنورییەکانی دەوڵەتی ئوری سێیەم، لەوانە دێر بە پلەی یەکەم و کیماش بە پلەی دووەم و خومورتی دواتر بووە (نوری، ٢٠٢٢: ١٤٧-١٤٨). ئەو تێکستانەی لە گیرسو و ئیرساگریک دۆزراونەتەوە هەندێکیان باس لە کیماش دەکەن، لە یەکێک لە دەقەکاندا باس لە کچێکی شـاهانە دەکات کە گەشـت بۆ کیماش دەکات،کە ڕەنگە وەک بوکێک بۆ پارێزگار یان جەنەراڵ [ شکاوە]. تێکستەکانی ئیر ساگریک زۆرینەیان باس لەو کارمەند و نێردراوانە دەکە ن هەڵگری ئەرکی شـاهانە بوون، ئەم تێکسـتە بۆ کۆتای دەسـەڵاتی 'ئابی-سـین Abi-Sin ' دەگەڕێتەوە ( Patterson, 2018: 210). پێدەچێت ئەمە ئاماژەیەک بێت بۆ ئەوەی کە کیماش هێشتا لە ژێر هەژموونی دەسەڵاتی ئوری سێیەمدا بووبێت.

**٣-١ کیماش لە سەردەمی بابلی کۆندا**

لە سەردەمی بابلی کۆندا ناوی کیماش بە کەمی بەرچاو دەکەوێت، تێکستێک کە بۆ سەردەمی 'سین-ئیدینەم Sin-idinam'ی لارسا دەگەڕێتەوە باسی دابەشکردنی دانەوێلەی تێدایە لە شـوێنێکدا بە ناوی کیماش، لە تێکسـتەکانیدا تەنها یەکجار ناوی کیماش دەردەکەوێت، ئەویش لەگەڵ ئەو شـارانەدا بووە کە لە ناوچەکانی دیالە و سـوبارتودا هەڵکەوتوون (Renette, 2023: 305). ئەمەش ڕەنگە تاکە بەڵگەیەکی متمانە پێکراوبێت، بۆ بوونی کیماشـێک لە باکوری ڕۆژهەڵاتی میسۆپۆتامیا، ئەمەش دوا ئاماژەی کیماش لە سەردەمەکانی دواتردا هیچی لە ئێستادا لە بارەوە لە بەردەستدا نییە، بەڵام پێدەچێت کیماشێکی بچوک هەبوو بێت پەیوەندی بە خاکە بە هێزەکەی کیماشی پێشووترەوە نەبووبێت (Renette, 2023: 306). هەروەها هەردوو شانشینی ئێشنونا سەردەمی دەسەڵاتی بیلالاما و دێر سەردەمی

فەرمانڕەوایەتی ئەنوم-مو تابیل پەیوەندی دوژمنکارانە یان لەگەڵ دراوسـێکانیاندا هەبووە، بە تایبەت هەریەکە لەناوچەکانی ئەنشـان و کیماش و مارخاشـی (Zadok, 1978:5). لەم قۆناغە بە دواوە تا ئێسـتا زانیاری نوێ لە بارەی کیماشەوە لە بەردەستدا نییە یاخود تا ئێستا نە دۆزراوەتەوە.

### ٤-١ شوێنی جوگرافیای کیماش

سـەبارەت بە شـوێنی جوگرافیای کیماش بۆچوونەکان جیاوازن، ئیدزارد و ڕۆلینگ باوەڕیان وایە کاتێک باسـی ئینسـی کیماش ناوی ’خو-نو-نی Ḫu-nu-ni‘ دەکرێت لەگەڵ مادگا، دەتوانرێت پێگەکەی نێوان بەرزاییەکانی حەمرین بۆ زێی خواروو بوو بێت، بە تایبەت دەوروبەری کەرکوك. (Edzard, and Röllig, 1980: 593). ڕینیت لە زاری پویبل لە ١٩٣١ ز. و فرەینەوە دەڵێت: کیماش لە شـوێنێکی سـوبارتوو بووە، لە نێوان بەرزاییەکانی حەمرین و ڕووباری سـیروان/دیالە، پێشـنیاری کردووە کە کیماش و خورتی و خارشـی بە پێگەکانی قوش تەپە و تازەخورماتوو و دوزخورماتوو، لە هەمان کاتدا فرین پێشنیاری هەبوونی دوو کیماشی کردووە، یەکێکیان لە سوبارتوو ئەوی دیکەیان لە عیلام (Renette, 2023: 304). هەبوونی دوو کیماش پێدەچێت ئەو کیماشـەی لە سـەردەمی ئوری سـێیەمدا و لە لایەن شـولگی و ئەمار-سـینەوە ئاماژەی بۆ کراوە لە ناوچەیەکی ڕۆژهەڵاتی دیجلەدا بووە. لە لایەکی دیکەوە بوونی پێشـنیارێکی دیکی لە بارەی بوونی کیماشـیکی ترەوە لە عیلام لە سـۆنگەی ئەوە تێکسـتەوە بێت کە لە نیپور دۆزراوەتەوە ناوی کیماش لە پاڵ خوخنوری و سابوم و ئەنشانەوە هاتووە (Potts, 2008: 248-249). شپایزەر لەبارەی پێگەی جوگرافیاییانەوە باوەڕی وایە کە خارشـیی و کیماش و خورتی دەبێت لە ناوچەکانی دەوروبەری ئەرراپخادا بووبن (Speiser, 1930: 144). بۆ بەرچاوڕوونی (بڕوانە نەخشەی ژمارە ١)

پۆسـتگەیت باوەڕی وایە ناوهێنانی کیماش و پەیوەسـتکردنی بە خورتی و خارشـیی ئەوە دەگەیەنێت کە ئەم ناوچانە سـەرجەمیان دەکەونە شـوێنێکەوە لە دامێنی ڕۆژهەڵاتی بەرزاییەکانی حەمرینەوە، لە شـوێنێکی نێوان می-توران و نوزی، هەروەها نکوڵی لە بوونی دوو کیماش ناکات کە هەبوو بن، ئەوەی دیکەیان لە عیلام بووە لە نێوان قوم و ئەسـفەهان (Postgate, 2000: 250). لە بارەی کیماش ئەم ناوە نابێت لەگەڵ کیماشـی عیلامیدا تێکەڵ بکرێت، کیماش لە ناوچەیەکی سـەرەوەی بەرزاییەکانی حەمریندا بووە، بە ئەگەرێکی زۆرەوە پێدەچێت کیماش لە دامێنی زاگرۆسدا بێت لە سەر ڕوباری سیروان، لە باکوری حەمرینەوە، هەروەها بۆچونی دیکە هەیە کە لەسەر چەمی ئاوەسپی بووبێت، لە نزیك داقوق لە باشـوری کەرکوکی ئەمڕۆ بە تایبەت لە گوندی قوشـتەپە (Ahmed, 2012: 69-199). هەرچی ناوچەی کیماشـە بە ئەگەرێکی زۆرەوە دەبێت لە ناوچەی گەرمیاندا بێت کە گودیا باس لە دەرهێنان و هێنانی کانزای مس دەکات لەو ناوچەیە (Edzard, 1997: 34).

هێشتا گومانی بەرچاو هەیە لەسەر سەرچاوەکان کە ئاماژە بە کیماش دەکەن، ئایا شوێنێک یان دوو شوێن یان شار بە ناوی کیماشـەوە هەبووە، لە کاتێکدا ناتوانین بە دڵنیاییەوە وەڵامی ئەو پرسـیارە بدەینەوە، بە لەبەرچاوگرتنی ئە و ژێدەر و بەڵگە و تێکستانەی کە لەبەر دەستدان دەبێت بەوە قایل ببین لە ئێستادا پێشنیاری هەبوونی دوو شوێن یان

شار بە ناوی کیماشەوە باشترین بژاردەیە، ئەوەشمان لە بیرنەچێت ئەو دوو کیماشە یەکێکیان لە ڕۆژهەڵاتی دیجلە لە نێوان کفری بۆ ئەرابخا دادەنرێت و ئەوی دیکەش لە عیلام بووە.

**تەوەری دووەم: مادگا لە نێوان کات و شوێندا**

**٢-١ ناوی مادگا**

لە ڕاستیدا ناوی شاری مادگا لە میسۆپۆتامیای کۆندا بە چەند شێوە و نووسینێک هاتووە، مادگا وەك یەکێك لە شارە دێرینەکانی گەرمیان لە سەردەمە جیاوازەکاندا ناوی هاتووە، لە بەڵگەنامە مێژووییە جیاوازەکاندا ناوی هاتووە، بەڵام زانیاری وردمان لە سەر ناوەکەی نییە.

سەرەتای ناوهێنانی ئەم شارە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی ئەکەدی و لە تێکستەکانی ئەبو سەلابیخ و ئیبلا دا ناوی هاتووە، ئەم شارە ڕۆڵی گرنگ و دیاری هەبووە، بەڵام تاوەکو ئێستا هیچ زانیاریەکی یەکلاکەرەوەمان لە سەر پێگەی ئەم شارە نییە (Walker, 1985: 34). لە تێکستەکانی ئەبوسەلابیخدا ناوەکە بە شێوەی 'ما-گا Ma-ga' دەردەکەوێت، کە بە دڵنیاییەوە ئەمە نووسینێکی سەرەتای ناوی مادگایە (Heimpel, 2009: 28). هەروەها لە لیستی جوگرافیاییەکەی ئیبلادا بە شێوەی 'ما-دا-'گا Ma-da-ga' هاتووە، ناوی مادگا بۆ یەکەمجار لە بەڵگەنامە و تۆمارە کارگێرییەکانی سەردەمی ئەکەدی لە گیرسو پشت ڕاستکراوەتەوە، لە سەردەمی ئوری سێیەمدا بە شێوە و ڕێنوسی جیا جیا هاتووە، وەکو 'Ma-ad-ga و Ma-da-ga و Ma-ad-da-ga و Ma-da-ad-ga' هاتووە، هەموو ئاماژەکان کە لە کۆنتێکستەکانەوە هاتوون، ئاماژە بە ناو و پێگەی جوگرافیای 'مادگا Madga' دەکەن (Heimpel, 2009: 28). هەروەها لە تێکستێکی تەل سولەیمەدا ناوی ئەم شارە بە شێوەی 'Ma-ad-ga' هاتووە و نوسراوە (Walker, 1985: 34) لە سەردەمی دواتردا ناوی مادگا لە سەردەمی بابلی ناوەڕاستدا بە شێوەی 'ماتکا Matka' هاتووە و لە تێکستەکانی نوزیدا بە ڕێنوسی Ma-at-ka و Ma-at-qa هاتووە (Zadok, 2018: 311). مادگا دەبێت پەیوەست بکرێت بەو شارەی لە تێکستەکانی ئوری سێیەم بە مادگا و لە نوزی بە مەدقە و لە سەردەمی تێگلات-پیلیسەری یەکەم بە 'ماتقیو Matqiu' هاتووە (Frayne, 2008: 45 ؛ Frayne, 1992: 57).

**٢-٢ مادگا لە سەردەمی گوتییەکاندا**

بەڵگە نامە و تێکستەکانی سەردەمی گوتییەکان زۆرکەمن، ئەوەشی کە هەیە لە پەنجەکانی دەست تێپەڕ نابن و بەشێکیشیان شکاون و ناو خوێنرێنەوە، بەڵام خۆشبەختانە لە نێو ئەو تێکستانەی کە بۆ سەردەمی گوتییەکان دەگەڕێتەوە، تێکستێک هەیە کە پاشای گوتیۆم باس لە داگیرکردنی مادگا دەکات.

گوتی یەکان بە شێوەیەکی بەرفراوان لە ناوچەکانی ناوەڕاستی مێسۆپۆتامیا و نزیك لە ناوچە چیایەکانی زاگرۆس نیشتەجێ بوون، چەند جارێکیش ڕووبەڕووبوونەوەیان لەگەڵ شانشینەکانی 'مادگا Madga'، 'سیمورروم Simurrum' و 'ئوربیلوم Urbilum' ڕویداوە (Liverani, 2014: 153). لە سەردەمی دەسەڵاتی ئێڕڕیدو-پی/وا-زیر دا مادگا دەکەوتە ناوەندی گۆڕەپانی کردارەکانی ئێڕڕیدو-پی/وا-زیر بووە لەگەڵ سیموروم و لولوبومدا (Zadok, 2013: 413). ئێڕڕیدو-پی/وا-زیری پاشای گوتییەکان لە دەقێکدا لە هێرشێکدا کە کردوەیەتییە سەر مادگا و داگیری کردووە، دەڵێت

"ئێرپرپیدو-پی/وا-زیر پاشـــای بەهێز پاشـــای گوتیوم پاشـــای هەرچوار لای جیهان، لە دژی مادگا جەنگا و فەرمانڕەوای مادگا بۆ شاخەکان هەڵهات، ئێرپرپیدو-پی/وا-زیر توانی دەست گیری بکات" (Ahmed, 2012: 150 ؛ Frayne, 1993: 222-223). هامبلین درێژەی تێکســـتەکە تەواو دەکات کە تێیدا هاتووە "ئێرپرپیدو-پی/وا-زیر پاشـــای بەهێز پاشـــای گوتیوم پاشای هەرچوار لای جیهان، بە زۆر لە دەروازەی خواوەند گوتیۆمەوە [ئەویان] برد لێیاندا و کوشتیان [پاشای مادگا]" (Hamblin, 2006:103). وادیارە کە پاشـــای گوتیوم حاکمی مادگای بە دیل گرتووە، پاشـــان پێشـــکەش بە خواوەندی گوتیومی کردووە، لەبەرئەوەی بەزۆر لە ڕێگەیەکەوە بردوویەتی بۆ دەروازەی خواوەندی گوتیوم و لێی داوە و کوشتویەتی (Ahmed, 2012: 152). لە بارەی شوێنی شەڕەکەیانەوە کۆزاد باوەڕی وایە کە پێدەچێت شوێنی شەڕەکەیان بکەوێتە ناوچەی قەرەداغەوە و لە سەگرمە لە نزیك ڕوباری سیروان (Ahmed, 2012: 151).

تێکستێکی سەردەمی سارگۆنی ئەکەدیش کە لە لەگەش دۆزراوەتەوە باس لە ناردنی جۆ دەکات بۆ مادگا، لە ڕێگەی بەلەمەوە بۆ ناوچەکانی ســەرەوە بووە. لە دواتردا و لە تێکســتەکانی ســەردەمی ئوری ســێیەم ئاماژە بە کەشــتیەکانی مادگا دەکەن، وەك هاتووە "خۆراك بۆ کرێکاران/سەربازانی بەلەمەکە بۆ مادگا..." (Walker, 1985: 34).

**٣-٢ مادگا لە سەردەمی بنەماڵەی سێیەمی ئور**

لە سەردەمی گودیا دا دووجار ناوی مادگا لە تێکستەکاندا دەردەکەوێت، تێکستەکان باسی گواستنەوەی قیر و گەچ دەکەن لە زنجیرە بەرزاییەکانی مادگاوە بۆ پەرستگای نینگرسـو بە ڕێگای بەلەم، لە تێکسـتێکی دیکەدا باس لە هێنانی قیر لە مادگا و مس لە کیماشـــەوە دەکات، لێرەوە دەردەکەوێت کە دەبێت کیماش و مادگا لە نزیک یەکترەوە بن، لەبەرئەوەی گودیا توانیویەتی لە یەککاتدا مس لە کیماش و قیر لە مادگاوە بۆ پەرســـتگاکەی کۆ بکاتەوە، لە ڕێگای ئاوییەوە بە بەلەم (Edzard, 1997: 35-79). مادگا سەرچاوەی قیر بووە بە پێی دەقەکانی سەردەمی ئەکەدی و ئوری سێیەم (Walker, 1985: 34) ڕەنگە ئەم بەڵگەیەش هۆکار بوو بێت کە هەندێك لە توێژەران باوەڕیان وابێت کە مادگا دەکەوێتە سنوری کفری بۆ ناوچەکانی دوز خورماتوو. لەبەرئەوەی لە کفری قیر و پێکهاتەکانی زۆر بووە، تەنانەت ناوی کفری وەک لە ژێدەرەکاندا هاتووە، کفری لە وشەی 'کفر' وەرگیراوە کە واتای جۆرێک لە قیر هاتووە، هەروەها 'کبرو' لە زمانی بابلی و ئاشوریدا بە واتای قیر هاتووە (بابان، ١٩٨٦: ٢٥٥).

بازرگانیکردن لەگەڵ مادگا لە ســەردەمی بنەماڵەی ئوری ســێیەمدا بەردەوامی هەبووە، لە ســەردەمی ئەمار-ســین و شــو-ســیندا جگە لە ناردنی دانەوێڵە، مادگا کەلوپەلی لە چەرم دروســتکراوی پێدەگەیشــت، پێشــتریش لە ســەردەمی شــولگی لە ســاڵی ٤٦ دەســەڵاتەکەیدا لە تێکســتەکاندا باس لە دابینکردنی خۆراک و دانەوێلە دەکات وەک ڕزق و ڕۆزی سەربازەکان/کرێکارانی بەلەمەکان دەکات، لە ساڵی ٤٧ دەسەڵاتیدا باس لە گواستنەوەی قیر دەکات بۆ کۆگاکانی کەنار ڕووبارەکە (Walker, 1985: 127). هەروەها ســـومەرییەکان خورمایان هێناوەتە مادگا، ئەوەش لەبەرئەوە بوو ئەو ناوچەی کە گردی زۆر بووە، ئەوە جۆرە لە بەرووبوومەی نەبووە، بەڵکوو بە شـــێوەی بازرگانی هاتووەتە ناوچەکەوە (Zadok, 2018: 311). لە یەکێک لە تێکســـتەکانی تەل ســـولەیمەدا کە تێکســـتی ژمارە ٣٥ و زۆرترین ناوی شـــوێن و پێگەکانی تێدایە، لە دێڕی دەیەمدا باسی 'ما-دا-گا Ma-da-ga' بە دڵنیاییەوە ئاماژەیە بۆ شاری مادگا، کە لە سەردەمی

ئوری سێیەمدا وەک سەرچاوەی قیر ناوی هاتووە (Frayne, 2008: 45). لە مۆرێکی پاشا 'خونخیلی Ḫunḫili' پاشای کیما شدا هاتووە 'خونخیلی فەرمانڕەوای کیماش و حاکمی مادگا من ئوگوگو Ugugu خزمەتکارتم' ( Walker, 1985: 127). بە پێی مۆرەکەی خونخیلی بێت دەبێت مادگا لە نزیک کیماش بووبێت، هەردووکیانیش لە ســنوری ئەرڕاپخادا بووبن ( Edzard, D. O., and G. Faber., 1974: 113).

لە سـەردەمی 'شـیلخاك-ئینشـوشـیناك Šilḫak-Inšušinak' لە ١١٥٠-١١٢٠ پ.ز. لە بابلەوە هێرشـەکانی بۆ ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی ڕوباری دیجلە دەســت پێکرد، بەتایبەت ناوچەکانی حەمرین و ئەرڕاپخای بە زەبری هێز داگیرکرد و تاڵانی کردن (الســلماني، ٢٠٠٣: ٦٩-٧٠). هەروەها توانیویەتی ناوچەکانی دەوروبەری ڕوباری دیالە و ئاوڕێژگەکانی بخاتە ژێر هەژموونی خۆیەوە (دیاکونوف، ٢٠٠٨: ١٨٦). هێرش و پەلامارەکانی شیلخاک-ئینشۆشیناک سەرەتا ئوگار-سەللو پاشان بەرزاییەکانی حەمرین 'ئیبیخ' (بڕوانە نەخشەی ژمارە ١) ڕووباری دیالەی کەوتە دە ست، دوابەدوای گرتنی مادگا کە تا ئەو کاتە لە ژێر هەژموونی ئاشوردا بوو، بەرەو باکور هەڵکشا گەیشتە نوزی (کامیرۆن، ٢٠٢١: ١٠٣ ؛ Hinz, 1972: 133 ). لە تێکستەکەی شیلخاك-ئینشوشیناکدا هەردوو ناوی کیپرات و ماتکا بەیەکەوە هاتووە (Frayne, 2008: 45).

**٢-٤ شوێنی جوگرافیای مادگا**

لەبارەی شـوێنی شـاری مادگاوە بۆچوونی جیاواز هەیە، لە نێوان توێژەکاندا، ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو بەڵگانەی کە لەبەردەستدان و هەروەها تا ئێستا ئەو شارە قونگی کنە و پشکنینی بەرنەکەوتووە.

ئەم شارە لە ڕووی بازرگانییەوە گرنگ بووە، وەك لە دەقێکی سەردەمی ئەکەدیدا کە لە تەل سولەیمە دۆزراوەتەوە باس لە مادگا دەکات لە نێوان 'شو-مو Šu-mu و ما-زا Ma-za' هاتووە (Walker, 1985: 34). لە راستیدا تائێستا هیچ زانیارییەکمان لە سەر ئەم دوو شار یاخود پێگەیە لەبەردەستدا نییە، لەبەرئەوەش نەتوانراوە بە تەواوەی پێگەی مادگا دەست نیشانبکرێت.

لە بارەی پێگەی جوگرافیی ئەو شـارەوە هیرتسـفیلد باوەڕی وایە کە مادگا لە نزیک کفری ئێسـتادا بێت ( Frayne, 2008: 45). فرەین باوەڕی وایە پێدەچێت مادگا بکەوێتە ناوچەی کفری ئەمڕۆ، بەڵام لە پاشــتردا و لە بابەتێکی نوێدا بۆ شــوێنی مادگا وای دادەنێت باشــترین جێگە گوندی ماتیك بێت کە کەمێك لە باشــوری تاوقەوەیە (ئەحمەد، ٢٠٠٨: ٢٣٣). فرەین لە زاری موللەرەوە هەڵوداوانی ئەوە دەکـات کە نـاوی کفری لە 'کیپرۆ[م]'ەوە هـاتبێـت، کە لە زمـانی ئەکەدیدا بە واتای قیر هاتووە (Frayne, 2008: 45). بەڵام هەندێکی تر لە لێکۆڵەرەوان مادگا لە نێوان بەرزاییەکانی گومار بۆ کفری دادەنێن (Walker, 1985: 35). ســیلز باوەڕوایە دەبێت کیماش لە نزیک حەمرین بووبێت و مادگا لە نزیک کەرکوک بووە (Selz, 2005: 81). (بڕوانە نەخشەی ژمارە ١)

زادۆک باوەڕی وایە دەبێت کە مادگا لە نزیک کفری ئەمڕۆ یاخود لە تازە خورماتلی بیت لەســەر ڕووباری عوزێم (Zadok, 2018: 311). فرەین باوەڕی وایە ئەو ڕێگا وشکانییە ناسراوەی کە بەرەوە سەرەوەی ڕووباری دیالە لە ڕێگەی جەبەل حەمرینەوە بەرەو باکوری خۆرئاوا دەڕوات بە مادگادا تێپەر دەبێت، دواتریش بە دەروازەی ســکالتوتان بەرەو قەرەتەپە و بە کفریدا تێپەڕدەبێت (Frayne, 1992: 54). پۆتس بە وەرگرتن لە ڤالاتەوە دەڵێت مادگا\ماتکا دەکەوێتە

کفری ئەمڕۆوە، لە باکوری بەرزاییەکانی حەمرینەوە، ئەوەش لە ڕوانگەی تێکستێکەوەیە کە لە نوزی دۆزراوەتەوە (Potts, 2008: 244).

کریپس ئەو بۆچوونە ڕەت دەکاتەوە کە پێی وایە دەبێت مادگا بکەوێتە ناوچەی هیتەوە، لەسەر ڕووباری فورات، کە هیمپل پشتیوانی دەکات، ئەوەش لە ڕوانگەی ئەو تێکستەوەیە کە بۆ ئێرڕیدو-پی/وا-زیر دەگەڕێتەوە، ئەو دەڵێت پاشای گوتییەکان هەڵمەتەکە بۆ سەر ناوچەیەکی شاخاوی بوو بە پشتیوانی خەڵکی سیموروم و لولوبوم بووە، بەوپێیەی کە هەڵمەتەکە لە ناوچەیەکی شاخاوی و بەرزدا بووە، ڕەنگە لە شوێنێکی نزیک لە بەرزاییەکانی گوماردا بووبێت و ئەو ناوچەیە بە جێیەکی متمانە پێکراوی بمێنێتەوە (Cripps, 2013: 5).

لەم ڕوانگەوە کۆزاد باوەڕی وایە ئەو زەویانەی کە پاشای گوتیوم ئێرڕیدو-پی/وا-زیر پێشڕەوی بۆ کر ناوچەیەکی دەشتای بووە، دواتر کە شکستی هێناوە بارەگاکەی جێهێشتووەوهەڵهاتووە بۆ 'شادو Šadu' وشەی شادو بە واتای شاخ دێت، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە مادگا لە دەشتێکی نزیک لە شاخەکان بووە، ئەمەش لەگەڵ ئەو پێشنیارەی فرەین دەگونجێ کە دەڵێت مادگا دەکەوێتە کفری یاخود نزیک لە گوندی ماتیک لە داقوق، لەو ڕوانگەوە باوەڕی وایە کە مەحاڵ نییە 'کوڕ Kur' واتای حەشارگەیەک یان پە ناگەیەک بێت، شاخەکان باشترین شوێنن بۆ خۆ حەشاردان، بۆ ئەمەش شاخەکانی باکوری خۆرهەڵات باشترین پێگەن، بەتایبەت شاخەکانی قەرەداغ و سەگرمە (ئەحمەد، ٢٠٠٨: ١٥١).

لێرەدا دەردەکەوێتە زۆربەی بۆچوونەکان لەگەڵ ئەوەدان کە شانشینی مادگا دەکەوێتە جێگەیەکەوە لە سەر ڕووبار بووە، لە ناوچەی گەرمیان، لە گەرمیانیشدا بە تایبەت لە دەوروبەری کفری بووە، بەڵام تاوەکو ئێستا نەتوانراوە بە شێوەیەکی ورد پێگەی ئەم شارە یان شانشینە بە تەواوی دیاری بکرێت. هەروەها گومانی بەرچاو هەیە، لەسەر سەرچاوەکان کە ئاماژە بە مادگا دەکەن، لە کاتێکدا ناتوانین بە دڵنیاییەوە وەڵامی پرسیاری شوێن و پێگەی مادگا بدەینەوە، بە لەبەرچاوگرتنی ئە و ژێدەر و بەڵگە و تێکستانەی کە لەبەر دەستدان دەبێت بەوە قایل ببین لە ئێستادا پێشنیار و هەبوونی بۆچوونی جیاواز هەڵدەگرێت، هە تاوەکو ئەوکاتەی بە پێی بەڵگەی شوێنەواری و لە کنە و پشکنینەکاندا ئەو شارە دەدۆزرێتەوە.




نەخشەی ژمارە ١ وەرگیراوە لە Edzard, D. O., and G. Faber., *Die Orts-und Gewässernamen der Zeit der 3. Dynastie von Ur, RGTC* 2, Wiesbaden, 1974. P.316.

**ئەنجام**

لە ئەنجامی ئەم توێژینەوەیەدا گەیشتین بە چەند خاڵێک لەوانە:

یەکەم/ کیماش یەکێکە لە شـــارە دێرین و خاوەن پێگە گرنگەکان کە لە ســـەردەمە جیاوازەکانی وەک ئەکەدی و بنەماڵەی سێیەمی ئور و دواتریش لە سەردەمی بابلییەکاندا ناوی دەکەوێتە نێو تێکستەکانەوە و بە تایبەت گرنگییان پێداوە.

دووەم/ هەموو تێکســـتەکان لە بارەی کیماشـــەوە هەڵگری ڕوانگەیەکی کارگێڕی و ئابووری و ســـەربازییان هەیە، گرنگی پێگەکەی وایکردووە لە سەردەمی ئوری سێیەمدا بەشێکی نێردراوە شاهانەکان بۆ شاری کیماش نێردراون.

سـێیەم/ لە ڕووی پێگەی جوگرافیاییەوە شـاری کیماش هەتاوەکوو ئێسـتا نەدۆزراوەتەوە، ئەمەش وایکردووە کە بیرو بۆچوون لە بارەی جێگەکەیەوە جیاواز بێت، پێدەچێت دروســـت ترینیان ئەوە بۆچوونە بێت کە باوەڕ وایە دوو کیماش هەبووە یەکێکیان لە مێســـۆپۆتامیا لە بەری ڕۆژهەڵاتی دیجلە و لە نێوان کفری بۆ کەرکوک ئەوی دیکەیان لە عیلام بووە.

چوارەم/ مادگا لە سەردەمی ئەکەدیی و گوتیی و بنەماڵەی سێیەمی ئور و سەردەمی بابلی کۆندا ناوی بە شێوەی جیاواز هاتووە، هەموو مەبە ستەکانیش بریتین لە مادگا. لەو سەردەمانەدا مادگا وەک ناوەندێکی ئابووری و سەربازی

ڕۆڵی خۆی گێڕاوە، بەهۆی پێگە ستراتیژییەکەییەوە کاریگەری گرنگی لە پەیوەندییەکانی نێوان مێسۆپۆتامیا و ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتدا بووە.

پێنجەم/ لە سەردەمی گوتییەکاندا لە لەشکرکێشییە سەربازییەکاندا ناوی هاتووە، بەڵام لە سەردەمی بنەماڵەی ئوری سێیەمدا زیارتر لە تێکستە ئابوورییەکاندا ناوی شارەکە هاتووە، زۆرینەی دەسەڵاتە سیاسییەکانی ئەوکات هەوڵی پەیوەندییان لەگەڵ مادگا دا داوە سا چ لە ڕووی ئابوورییەوە بێت یاخود لە ڕووی سەربازییەوە.

شەشەم/ شاری مادگا لە ڕووی پێگەی جوگرافیاییەوە تا ئێستا بە نادیاری ماوەتەوە، بەڵام زۆربەی بۆچوونەکان لەگەڵ ئەوەدان کە شانشینی مادگا دەکەوێتە جێگەیەکەوە لە سەر ڕووبار بووە، لە ناوچەی گەرمیان، بەڵام تاوەکو ئێستا نەتوانراوە بە شێوەیەکی ورد پێگەی ئەم شارە یان شانشینە بە تەواوی دیاری بکرێت.

**لیستی سەرچاوەکان**

**یەکەم/ نامەی ماستەر و تێزەکانی دکتۆرا**

**بە زمانی کوردی**

١. زەندی، ڕێبوار سەرتیب، ئاواڵ لە نێوان کات و شوێندا، توێژینەوەیەکی بڵاو نەکراوەیە،

٢. زەندی، ڕێبوار سەرتیپ: *مێژووی دێرینی گەرمیان لە هەزارەی سێیەم تاوەکو ناوەڕاستی هەزارەی یەکەمی پ.ز*، نامەی ماستەر، زانکۆی سلێمانی، ٢٠٢٢.

٣. نوری، هێمن، *هەڵبژاردەیەک لە بەڵگەنامەی بڵاونەکراوەی بنەماڵەی سێیەمی ئور (٢١١٢-٢٠٠٤ پ.ز.) لە مۆزەخانەی سلێمانی*، نامەی ماستەر، زانکۆی سلێمانی، ٢٠٢٢.

**بە زمانی عەرەبی**

٤. السلماني، جمال، *العلاقات السياسية لبلاد الرافدين مع بلاد عيلام في العصر الاشوري الحديث*، رسالة ماجستير، جامعة بغداد، ٢٠٠٣.

٥. عبدالصمد، رافده عبدالله، *كردستان العراق في التاريخ القديم في ضوء المصادر المسمارية من الالف الثالث ق.م حتى ٦١٢ ق.م*، اطروحة دكتوراة، جامعة السليمانية، قسم التاريخ، (٢٠٠٨).

**بە زمانی ئینگلیزی**

6. Ahmed, Kozad, *The Beginnings of Ancient Kurdistan (2500-1500) B.C, A Historical and Cultural Synthesis*, Ph.D. dissertation, Leiden University, 2012.

7. Dong. X., *Warfare in Ur III Dynasty A Comprehensive Study about Military and Diplomacy*, Ph.D. University of Liverpool, 2022.

8. Patterson, D., *Elements of The New-Sumerian Military, Ph.D. dissertation*, University of Pennsylvania, 2018.

9. Vacin, Ludek., *Šulgi of Ur; Life, Deeds, Ideology and Legacy of A Mesopotamian Ruler as Reflected Primarily in Literary Texts*, Ph.D. University of London, 2011,



***JZSB*** p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

**دووەم/ بە زمانی كوردییەكان**

١٠. دیاكونوف، ئی. م، *میدیا*، و. بورهان قانیع، چاپی دووەم، هەولێر، ٢٠٠٨.

١١. كامیرۆن، جۆرج گلین، *ئێران لە بەرەبەیانی مێژوودا*، و.سەلاحەددین ئاشتی، تاران، ٢٠٢١.

١٢. ئەحمەد، كۆزاد محەمەد، *كوردستانی ناوەڕاست لە نیوەی یەكەمی هەزارەی دووەمی پ.ز دا*، چ٢، سلێمانی، ٢٠٠٨.

**سێیەم/ بە زمانی عەرەبییەكان**

١٣. احمد، سامی سعید، الهاشمی، رضا جواد، *تاریخ الشرق الادنی القدیم ایران و اناضول*، بغداد، د.ت.ط.

١٤. بابان، جمال، اصول اسماء المدن و المواقع العراقیة، جزء الاول، بغداد، ١٩٨٦.

**چوارەم/ بە زمانی بیانی**

15. Albright, W. F., "A Geographical Treatise on Sargon of Akkad's Empire", *JAOS*, Vol. 45, (1925).

16. Cripps, E., Messengers from Šuruppak, *CDLG*, 2013.

17. Edzard, D. O., and G. Faber., *Die Orts-und Gewässernamen der Zeit der 3. Dynastie von Ur, RGTC* 2, Wiesbaden, 1974.

18. Edzard, D. O., and Röllig, W., ‘‘Kimaš’’, *RlA*, Vol. 5, Berlin, (1976-1980).

19. Edzard, D. O., Gudea and His Dynasty, *RIME*, Vol.3, Toronto, 1997.

20. Frayne, D. *The Early Dynastic List of Geographical Names*, New Haven, 1992.

21. Frayne, D., Sargonic and Gutian Periods, *RIME*, Vol. 2, Toronto, 1993.

22. Frayne, D., The Zagros Campaigns of the Ur III Kings, The Canadian Society for Mesopotamian Studies *(CSMS)*, (2008).

23. Grayson, A. K., ‘‘The Empire of Sargon of Akkad’’, *AfO*, III, (1974-1977).

24. Hallo, W. W., ‘‘Simurrum and the Hurrian Frontier’’, *Revue Hittite et Asianique (RHA)*, 36, (1978).

25. Hallo, W. W., Day Dates in texts from Drehem, in *the Growth of an Early State in Mesopotamia: in Ur III Administration*, ed. Steven, J. G, and J. C. Johnson, Madrid, 2008.

26. Hallo, W. W.,’’Gutium‘‘, *RlA*, Vol. 3, Berlin, (1957-1971).

27. Hamblin, William, *Warfare in the Ancient Near East to 1600 B.C*, Rutledge, 2006.

28. Heimpel, W., The location of Madga, *JCS*, 61, 2009.

29. Hinz, W., *The lost World of Elam*, London, 1972.

30. Liverani, M., *The Ancient Near East*, London, 2014,

31. Michalowski, piotr., *The Correspondence of the King of Ur*, Indiana, 2011.

32. Owen. I. D., Ur III Geographical and Prosopographical Notes, in: *Crossing Boundaries and Linking Horizons; Studies in Honour of M. Astour*, ed. G. O. Young, M. W. Chavalas and R. E. Averbeck, Maryland, 1997.

33. Postgate, J. N., Wohnen im alten Orient: Eine Untersuchung zur Verwendung von Räumen in altorientalischen Wohnhäusern by Maria Krafeld-Daugherty, *JAOS*, Vol.120, N.2, 2000.

34. Potts, D. T., “Adamšah, Kimaš, and the miners of Lagaš”, in: *Your Praise Is Sweet: A Memorial Volume for Jeremy Black from Students*, Colleagues and Friends, eds. Heather D. Baker, Eleanor Robson, and Gabor Zolyomi, London, 2010.

35. Potts, D. T., *The Archaeology of Elam*, Cambridge, 2008.

36. Renette, S., the Historical Geography of Western Iran: an Archaeological Perspective on the location of Kimaš, in *Susa and Elam II*, ed. Jan Tavernier, Elynn Gorris Katrien De Graef, Leiden, 2023.

37. Selz, G. J., *Summer und Akkader*, Munchen, 2005.

38. Speiser, E. A., *Mesopotamian Origins*, Philadelphia, 1930.

39. Steinkeller, P., On the Identity of the toponym LÚ.Su(A), *JAOS*, Vo. 108, N. 2, 1988.

40. Steinkeller, P., Puzur-Inšušinak at Susa: A *Pivotal Episode of early Elamite History Reconsidered, in. Susa and Elam. Archaeological, Philological, Historical and Geographical Perspectives*, ed. Katrien De Greaf and Jan Tavernier, Leiden, 2013.

41. Walker, M. F., *The Tigris Frontier from Sargon to Hammurabi- A Philologic and Historical Synthesis*, (A Dissertation Present to the Faculty of the Graduate School of Yale University, 1985.

42. Weidner, E., ‘‘Das Reich Sargon von Akkad’’, *AfO*, 16, (1952-1953).

43. Whiting, R., Tiš-Atal of Nineveh and Babati, Uncle of Šu-Sin, *JCS*, vol. 28, n. 3, 1976.

44. Wu, Yuhong and Wang Junna., The Identification of Sulgi-Simti, Wife of Sulgi, with Abi-Simti, Mother of Amar-Sin and Su-Sin and of Ur-Sin, the Crown Prince with Amar-Sin, *JAC*, vol. 27, 2012.

45. Zadok, R., Elam and Babylonia 1400-1100 BC. in. *The Elamite World*, ed. Javier Alvarez-Mon, Gian Pietro Basello and Yasmina Wicks, London and New York, 2018.

46. Zadok, R., Linguistic Groups in Iran, in: *The Oxford Handbook of Ancient Iran*, ed. D. T. Potts), Oxford, 2013.

47. Zadok, R., Peoples from the Iranian Plateau in Babylonia during the Second Millennium B.C., *Iran*, Vol. 25, (1987).